# ئاسایشی هەرێم دەستبەسەر کارگەیەکی مادەی هۆشبەردا دەگیرێت

دەزگای ئاسایشی هەرێم، لەسنووری ناحیەی مەیدان دەستبەسەر کارگەیەکی ماددەی هۆشبەر دەگرێت و (٤) تۆمەتبار دەستگیردەکات.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکی دەزگای ئاسایشدا هاتووە:- هێزەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەهەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری نێودەوڵەتی و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، لەناوچەیەکی سنوری (ناحیەی میدان) کارگەیەکی ماددەی هۆشبەری لە ناوبرد.

بەپێی راگەیەندراوەکە چوار تۆمەتبار لە ئۆپەراسیۆنەکدا دەستگیرکراون و دەستبەسەر ئەو ئامێرانەدا گیراوە کە ی بۆ دروستکردنی ماددەی هۆشبەر بەکارهێنراون.